**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٧٤٥٢ لە ٢٠٢٣/٦/٢٢**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە فراوانکردنی گوندی (بێستان سووری کۆن)**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ ، و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١) ی ســاڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووســراوی پارێزگای ســلێمانی ژمارە (٥٥٩٧) لە٢٠٢٣/٥/٢٥ ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە : -

- فراوانکردنی گوندی (**بێستان سووری کۆن**) سەر بە ناحیەی تانجەرۆ /قەزای مەڵبەندی سلێمانی لە پارێزگای ســلێمانی بە ڕووبەری (١٠دۆنم) لە ســەر پارچە زەوی ژمارە (٣٠/٣) لە کەرتی (٢٤/بێســتان ســوور ) وەک لە نەخشــەی هاوپێچی نووســراوی پارێزگای ســلێمانی هاتووە بەپێی یاســا کاری کوژانەوە و دەست هە ڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**

**وەزیری ناوخۆ (بەوەکالەت)**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٧٤٩٥ لە ٢٠٢٣/٦/٢٥**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە فراوانکردنی گوندی (باژێرە ژووری)**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و هەر دوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٦٨١) لە٢٠٢٣/٤/٢٧ و (٣٤١٥) لە ٢٠٢٣/٥/٢٥ ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە : -

-فراوا نکردنی گوندی (**باژێرە ژووری**) سەربە ناحیەی گردەسین /قەزای ئاکرێ بە ڕووبەری (٦دۆنم و ئۆلک) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١) و ڕووبەری (١٤دۆنم و١٦ ئۆلک)ولە سەر پارچە زەوی ژمارە (١٠) کەرتی (١٠٣/باژێرەژووری )واتەکۆی گشــتی فراوانکردنەکە دەبێتە (٢٠دۆنم و١٨ئۆلک)وەک لە نەخشــەی هاوپێچی نووســراوی پارێزگای دهۆکدا هاتووە بەپێی یاســای کاری کوژانەوە و دەســت هەڵگرتن بکرێت .

- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**

**وەزیری ناوخۆ (بەوەکالەت)**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٧٥١٦ لە ٢٠٢٣/٦/٢٥**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە فراوانکردنی گوندی (گوندی حەسار)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و نوسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە (٤٠٤٥) لە ٢٠٢٣/٤/١١ ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە :

- فراوانکردنی گوندی (**حەسار** ) سەر بە ناحیەی مەیدان لە قەزای کەلار -ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (٢٢ دۆنم) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (١١) کەرتی (٤/باقوبەرە -کانی کرمانج) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پی دەکرێت.

**ساسان عەونی**
**وەزیری ناوخۆ (بەوەکالەت)**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٨٥٤٠ لە ٢٠٢٣/٧/١٠**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هێنانە کایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرگری شارستانی**

پاڵپشت بە فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ژمارە (٢٣٣٣) لە ٢٠٢٣/٦/٦و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٨٣) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە ژمارە (٩٥٩٠/ک) لە ٢٠٢٣/٤/١٢ و بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کاروباری تایبەت بە بەرگری شارستانی و بەرزکردنەوەی کوالیتی خزمەتگوزاری سەلامەتی گشتی بڕیارماندا بە : -

- هێنانە کایەی (**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرگری شارستانی هەرێمی کوردستان**) سەر بە وەزارەتی ناوخۆ .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی فەرمانی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٩٢١٢ لە ٢٠٢٣/٧/١٦**

**بەیانی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە هێنانەکایەی گوندی (اشکفتیان نوی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٢١٤) لە ٢٠٢٣/٦/٢٥ ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی گوندی (**اشکفتیان نوی**) سەربە ناحیەی باعەدرێ / قەزای شێخان بەرووبەری (١) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی (٢١/اشکفتیان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک دا هاتووە ، بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هە ڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٦٤١ لە ٢٠٢٣/٦/٢٢**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و ئاماژە بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٧١٣٨ ) لە ٦/٨/ ٢٠٢٣، بڕیارمان دا بە :

١- هێنانەکایەی(استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی گومرگی سەر زێری) سەر بە کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی سەر زێری.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**